## سەعید هومایوون و پێشەوا

کتێبی بیرەوەرییەکانی نەمر سەعیدی هومایوون لەمەڕ ژیان و کار و خەبات و مەرگی پێشەوا قازی محەمەد کە بە فارسی نووسراوە، وەرگەڕاوەتە سەر کوردی و بە ناوی "پێشەوای رابوون" لە هەولێر بڵاو بۆتەوە. کتێبەکە لە لایەن کاک "هاشم سەلیمی" یەوە ئامادە کراوە و کاک رەسووڵ سوڵتانی وەرێگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. دەقی سەرەکی (فارسی) کتێبەکە پێشتر بە ناوی "پیشوای بیداری – خاطرات سعید هومایون" لە لایەن چاپخانەی ئاراسەوە لە هەولێر بڵاو کرابووەوە (٢٠٠٤).

"سەعید خان" خوشکەزای پێشەوا و کەسێکی بڕواپێکراوی ئەو بووە و لە لایەن ئەوەوە بۆ چەند مەئمووریيەت نێراوە یاخود لە گەڵیدا بووە و هەر بۆیەش بیرەوەرییەکانی لەمەڕ پێشەوا جێگەی باوەڕ و متمانەیە. بەداخەوە من دەقی فارسی کتێبەکەم نەبینیوە بەڵام لە تەرجەمە کوردییەکەی دا چۆنییەتی نووسران یا تۆمارکرانی ئەم یادداشتانە و چۆنییەتی رێک خرانیان لە لایەن ئێدیتۆرەکەی واتە کاک هاشمی سەلیمی یەوە رانەگەیێنراوە.

هەرچۆنێک بووبێت، کتێبەکە بریتییە لە بیرەوەریی نووسەر لەمەڕ ژیانی پێشەوا قازی محەمەد (کە خاڵی خۆیەتی). من ناچمە هیچ باسێکی گشتی سەبارەت بە کتێبەکەوە و راستەوخۆ باز دەدەمە سەر ئەو خاڵانەی وا بۆکان یا بۆکانی دەگرنەوە بەڵآم بە پێویستی دەزانم بڵێم کتێبەکە دارماڵی هەڵەی چاپە و نازانم ئەو پەتا پیسەیە کەی بەرۆکی چاپەمەنی کوردی لە باشووری کوردستان بەر دەدات؟ ئەو هەموو زەحمەتەی نووسەر و وەرگێڕ و ئامادەکار و بنکەی چاپەمەنی و لە ژوور هەموانەوە خوێنەر بۆچی بەو شێوە ناحەزە بە فیڕۆ دەدرێت و کەسیش گوێی نابزوێت و لە بیری چارەسەرێکدا بۆی نابێت. من لە داخ و دەردی ئەو دیاردە نگریسە لەوانەیە هەر بە گشتی خوێندنەوەی کتێبی چاپی باشوور بنێمە لاوە و ئیتر وازی لێ بهێنم.

ئەو بەشانەی کتێبەکە وا لە پەیوەندی بۆکان و خەڵکی بۆکاندان زۆرن و من لە خوارەوە ژمارەی لاپەڕەکانیان رادەگەیێنم :

لاوەرە ١ تا ٤، ١٠، ٢٢، ٢٨، ٣٥، ٤٣ و ٤٤، ٥٠، ٥٨، ٦٢، ٧١، ٧٥، ٧٨ تا ٨٠، ٨٢، ٨٣، ٨٨، ٩٩، ١٠٢، ١١٧، ١١٨، ١٢٠، ١٢١، ١٢٩، ١٣٤، ١٣٥، ١٤٨، ١٨٠ و ١٨١.

نووسەر جگە لەو باس و خواسانەی وا هەموان پێی دەزانین، هەندێ بابەتی مێژوویی خستۆتە بەر چاو – کە ئەگەر ئەو بۆی تۆمار نەکردایەن واهەبوو لەناو بچوایەن و کەس بە هەواڵی نەزانیایەن. بۆ نموونە، دەنووسێت :

"پاییزی ساڵی ١٣٢٠ [١٩٤١] بەریتانییەکان ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی بۆکان، مەهاباد، سەقز و بانەیان بانگ هێشت کردبوو کە لە بۆکان بۆ وت و وێژ لەسەر کاروباری ناوچەکە [کۆ ببنەوە]. هێشتا بانگ هێشت کراوەکان بە تەواوی لە شوێنی دیاریکراو (میوانخانەی کۆنی بۆکان) کۆ نەببونەوە و بەریتانییەکانیش دیار نەبوون لە ناکاو هەواڵ هات ئەوە دوو ماشێن لەبەر دەرکی میوانخانە وەستاوە و چەند ئەفسری رووسی لێ دابەزیون... . ئەفسرە رووسەکان هاتنە سەرێ بە روو گەشی و میهرەبانییەوە سڵاویان لە میوانەکان کرد. ئەفسری پایەبەرزی سۆڤیەت کە ناوی سەلیم ئاتاکیشی ئۆف بوو لەگەڵ هاوڕێ چەکدارەکەی کە کوردێک بوو بە ناوی جەعفەرۆف ... گوتیان ئێمە هاتووین برایانی کوردمان بۆ باکۆ و دیتنی سۆڤیەت بانگێشتن بکەین... لەو سەفەرەدا سێ کەس لە پیاو ماقووڵان و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵ قازی محەمەد چوونە باکۆ ..." (لاپەڕە ٤٣ و ٤٤)

یا لە لاپەرە ١١٥ دا باسی دانیشتنی هاوبەشی کورد و ئازەربایجانی دەکات لە مەراغە بۆ ئامادەیی بەرانبەر بە هێرشی سوپای ئێرانی (١٩ ی سەرماوەزی ١٣٢٥ [١٩٤٦])

لە لاپەڕە ١١٧ دا باسی چوونی پێشەوا و حاجی بابەشێخ دەکات بۆ حەمامیان و چاوپێکەوتنی سەرتیپ هومایونی و

لە لاپەڕە ١٣٤ دا باسی ئاگرتێبەردانی پردی بۆکان لە لایەن "دەستەیەک لە ئاغاکانی دێبوکری" بیەوە دەکات و لە لاپەرە ١٨١ دا دەنووسێت :

"هەر کاتێک پێشەوا لە بەدقەولی و پەیمان شکێنی دۆستێک یا بەڵێنی دەوڵەتی ئێران نارەحەت بوایە زۆر لەسەرخۆ دەیگوت :*__"ئەی کوردەکەی بێچارەکەی بێ پارەکەی بێ کارەکە!"__*

سەعید هومایوون، "پێشەوای رابوون – بیرەوەرییەکانی سەعید هومایوون"، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هاشم سەلیمی، وەرگێڕان [لە فارسیەوە] : رەسووڵ سوڵتانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧، ٢١٠ لاپەڕە، کوردی.